# داستان وهٔ زمون

# داستان و ئەزمون

محەمەد پشدەری

لەکۆکراوە و ئامادەکردنی نوسەری ئێرانی:
ئیسماعیل شاهرودی (بیدار)

٢٠٢٠

ناوی کتێب: داستان و ئەزموون

نووسینی: ئیسماعیل شاهرودی

وەرگێڕانی: محەمەد پشدەری

دیزاین: هەرێم عوسمان

چاپ: چاپخانەی ڕێنوێن

تیراژ: ١٠٠٠ دانە

نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم

ساڵی چاپ: ٢٠٢٠

مافی ئەم کتێبە پارێزراوە

بەبێ ڕەزامەندیی نووسەر/وەرگێڕ، هیچ لایەنێک ڕێگەپێدراو نییە بۆ لەبەرگرتنەوەی ئەم کتێبە بە شێوەی ئەلکترۆنی، کاغەزی، وێنەیی، دەنگی یان هەر شێوازێکی دیکەی لەبەرگرتنەوە بێت.

**لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان**

**ژمارەی سپاردنی (١٤٩٧)ی ساڵی ( ٢٠٢٠ )ی پێدراوە**

## ناوەرۆک

پێشەکی .................................................................. ٧
شمشێری داموکلێس ........................................................١١
سێیەمین ساویلکە...........................................................١٦
هەر شتێک کە بەلاتەوە بێ نرخ بێت رۆژێک بەکارت دێ..٢٠
مشکی بێچارە .............................................................. ٢٤
نیەت پاکی ..................................................................... ٢٨
ڕاوێژ کردن ..................................................................٣٢
بەزەیی هاتنەوە بە (مار) ..................................................٣٥
هاوڕێی بێوەفا ..................................................................٤٠
(حجاج) و براکەی ...........................................................٤٤
نامەیەک بۆ خوا ............................................................٤٧
پاسەوانی پێنج ساڵە ...........................................................٥٠
دزو دەوڵەمەند ...................................................................٥٣
بەبێ میوان نان ناخورێ ................................................. ٥٦
دکتۆرو نەخۆش ............................................................... ٥٩
حاکمو درۆزن ....................................................................٦١
ئازایی و نەترسی منداڵێک ............................................... ٦٤
قوبادو دزانی پارەو زێڕ ..................................................٦٧
تەندروستی بوزەر جومێهر ..............................................٧١

## پێشەکی

## بەناویی کەسیی بێ کەسان

بە بایەخترین شت بۆ هەر کەسێک لەژیاندا، دانەبڕانە لە کۆمەڵگا. بە تایبەت ئەو کۆمەڵگایەی کە تیایدا گەورە بووەو پەروەردەکراوە. هۆی دانەبڕانیش، دەگەڕێتەوە بۆ پەیوەندیی بەردەوامو خزمەتکردن بەبێ جیاوازیی و لەبەرچاونەگرتنی هیچ بەرژەوەندییەکی تایبەتی.

دانەبڕان لەکۆمەڵگاو پەیوەندیکردن بەهەموو تاکەکان، کارێکی ئاسان نییە، چونکە ناکرێت بە تەلەفۆن، بە فاکس، بە ئیمەیڵو نامە هەست و سۆزو ئەو ئەرکەی کە پێویستە ئەنجام بدرێت، بگەیەنرێت بە هەموان. بەڵام هەرکەسێک بەپێی توانای خۆی دەتوانێت ئەو پەیوەندیە روحییە ڕێکبخات و دانەبڕێت لەکۆمەڵگاکەی.

هەر لەجوتیارو وەرزێرەوە تا دەگاتە بەرزترین پلەی لێپرسراویەتی بە هەموو چین و توێژەکانیەوە، ئەگەر هەموو لایەک بە ئەرکە پیرۆزەکانیانەوە هەستن، بەبێ گومان کۆمەڵگا دەبێتە کۆمەڵگایەکی نموونەو پەیوەندیی ڕاستەقینە لەنێوان هەمواندا دروست دەبێت.

لێرەدا من دەمەوێت (دیاریی مێرولە، قاچە کلۆیە) بکەم بە نموونە بۆ ئەو ئارەزوویەی کە لەناخمدایەو دەمەوێت لەڕێگای ئامادەکردن و وەرگێڕانی ئەم نامیلکەیەوە، لەگەڵ کەمێک دەستکاریکردن لە هەندێک شوێندا، بۆ زیاتر تێگەیاندنی خوێنەرانی خۆشەویست، وەک دیارییەک بیگەیەنم بە هاوزمانەکانم و هاو نیشتیمانیانی خۆشەویستم. بەو هیوایە لەکاتی خوێندنەودا نەبێتە هۆی بێزار بوون و سەریەشە.

بێگومان هیچ کارێک ئەگەر هەوڵی بۆنەدرێت و کاتی بۆتەرخان نەکرێت، ئاسان نییە. تەنانەت خوێندنەوەی (کتێب)یش کەمێک لەخۆ بردوویی دەوێت و پێویستە کاتی بۆ دیاری بکرێت، هەروەک چۆن بۆ خواردن و خواردنەوەو خەوتن، یان کارکردن بۆ بژیوو دابینکردنی ژیانی ڕۆژانە، کاتیی تایبەتیی

تەرخانکراوە.

بە بڕوای من "کتێب" ئاوێنەیەکە زۆر جوان خۆمانی تێدا دەبینین و دڵسۆزترین هاوڕێشە کە بەبێ دەنگی و بەبێ تووەبوون، هەموو کەم و کوڕیەکانمان پێدەڵێت و بە دڵنیاییەوە ئەگەر بەقسەی بکەین، دەبین بە مرۆڤێکی ئاسایی و خاون ئەزموونێکی زۆر باش.

ئەم نامیلکەیە بریتی یە لە چەند چیرۆکێک، کەهەر یەکەیان چەندین وانەو بەسەرهاتی جۆراوجۆری تێدایە. کەپێموایە ئەگەر بەبێ لەبەرچاوگرتنی هەستی نەتەوەیی کەمێک دوورکەوتنەوە لە سیاسەت، بیانخوێنینەوە، زۆر شتمان بۆ دەردەکەوێت. بەدڵنیاییەوە هەرکامێک لەم چیرۆکانە، کە هەریەکەیان لەژێر ناوو پەردەیەکدا نوسراوە، دەبێتە هۆی دەستکەوتنی کۆمەڵێک زانیاری لەژیانی ڕۆژانەماندا.

محەممەد پشدەری

ئوستراليا-ئەدەلاید

## شمشێری داموكلێس

(دیۆنیزیۆس)، (پادشا)ی سیراكۆز ١٣٦٧-١٤٣٠ پێش زایین، خاوەن دەسەڵاتێكی زۆر و لە هەمانكاتیشدا زۆر چەوسێنەر بووەو خەڵك لێی بێزار بووە. هەر بۆیە لەترسی گیانیان بەناچاریی ڕێزیان لێگرتووە!

ڕۆژێك یەكێك لەدۆستانی نزیكی (پاشا) كەناویی (دامۆكلێس) دەبێ، پێی دەڵێ: تۆ چەند بەختەوەریی! هەر ئارەزوویەك، كە هەر كەسێك لە دنیادا هەیبێت، تۆ بەتەنیا پێی گەیشتووی. لەهێكڕا (پاشا) دەڵێ: (داموكلێس)! دۆستی دێرین! حەز دەكەی لەجێگای من بی؟ (داموكلێس) لەبیستنی ئەو پێشنیارە، كەوتە گومان و دڵە ڕاوكێ.

زۆر ترسا لەوەی كە (پاشا)ی بێبەزەیی و خوێن ڕێژ، بۆ پێشگرتن لەوەی كە نەبادا ڕۆژێك بیەوێت

یان لانی کەم هەر بەخەیاڵیدابێت، هەوڵی ئەوە بدات لەسەر دەسەڵات لای بەرێت، بیکووژێت. هەر بۆیە زۆر بەپەلە وتی: نەخێر، هەروەها وتی: ئەی خاوەن شکۆ! من نامەوێت لەجێگای تۆ بم، تەنیا ئارەزووم ئەوەیە هەر بۆیەک ڕۆژ، لە گەورەیی و جێگاو سامان و خۆشی و لەزەتەکانی تۆ، چێژ وەربگرم.

(پاشا) وتی: زۆر باشە، هەر ئەمڕۆ من دەرفەتت پێدەدەم کە بۆ ماوەی ٢٤ کاتژمێر لەجێگای من بیت و لەخۆشیەکانی ڕۆژگار، کە من چێژیان لێوەردەگرم تۆش چێژیان لێوەربگریت.

بەیانیەکەی، هەر هەمان ڕۆژ، (داموکلێس) هات بۆ کۆشکی پاشا. (پاشا/ش) بەسەرجەم کاربەدەستانی دەربارییی ڕاگەیاند کە (داموکلێس) ببەن بۆ سەر کورسی دەسەڵات و هەر لە ئێستاشەوە بە(پاشا)ی خۆتانی بزانن و گوێ ڕایەڵی سەرجەم فەرمانەکانی بن.

(داموکلێس) لە کۆشکی پاشایی/دا، لەسەر کورسی دەسەڵات دانیشت. کە مێزێک لە پێشی بوو و ڕازا بۆوە بەهەموو جۆرە خواردن و خواردنەوەیەک. وێڕای چەندین گوڵی جوان و عەتریی جۆراو جۆرو

بۆنخۆش کە لەسەر مێزەکە دانرابوون. هەروەها ڕازێنرابۆوە بە زۆر شتی بە نرخ، کە بۆ من تەنیا هەر خەون و خەیاڵبوو و هیچی تر.

(داموکلێس) دەڵێ: هەستم دەکرد کە لە هیچ شتێکم کەم نییەو ئێستا بەختەوەر ترین کەسی سەر ڕووی زەویی منم. بەڵام کاتێک چووم بۆ سەر تەختی پاشایی و پاش ماوەیەک ڕاکشام لەسەر پشت، بۆ ئەوەی کەمێک پشوو بدەم، کە چاوم کردنەوە، دیتم شمشێرێکی زۆر گەورەو ترسناک لەسەرووی سەرمەوە هەڵواسرابوو، بەداوێکی زۆر باریک! ڕێک لە بەرامبەر سینگم کە هەموو کاتێک چاوەڕوانی کەوتنە خوارەوەو پسانی ئەو داوە باریکەم دەکرد، کە شمشێرەکە بکەوێتە خوارەوەو ناو دڵم لەتبکات.

بەردەوام لەژێر هەڕەشەی ئەو شمشێرەدا دەلەرزیم و پێکەنین و خۆشی لەسەر لێوانم وشک ببۆوەو ڕەنگ لەسەر دەم و چاوم نەمابوو. هەر بۆیە ئارەزووی هیچ خواردن و خواردنەوەیەکیشم نەدەکردو نەمدویست تەنانەت گوێم لە هیچ ئاهەنگێکیش بێت. تەنیا ئارەزوویەک کە هەمبوو، ئەوەبوو کە هەرچی زووترە لەو کۆشکە ترسناکە

ڕاکەم و بگەڕێمەوە بۆ ناو ماڵە ساکارو ئارامەکەی خۆم.

لە هەمانکاتیشدا کە ڕەنگم لێبڕابوو و دەلەرزیم و بیرم لە وەدەکردەوە کەچۆن ڕێگایەک بدۆزمەوە بۆ دەرچوون لەو شوێنە پڕ مەترسیە، (پاشا) دەرگای کردەوەو هات بۆناو کۆشک و پرسی: دۆستی من! بۆ وا ڕەنگت گۆڕاوەو دەلـەرزی؟ چی بووە کەئاوا شێواویی؟! (داموکلێس)، بەپەنجەی دەستی ڕاست ئاماژەی بۆسەرەوەی خۆی کرد.

دواتر کەمێک سەریی بەرزکردەوەو بە گۆشەی چاو، کەمێک سەیری کردو وتی: ئەم شمشێرە دەبینی؟ خەوو خۆراکی لێم بڕیوە! (پاشا) وتی: بەڵێ زۆر باش دەیبینم، مەگەر تۆ نەتزانیوە کە شمشێرێکی ئاوا هەمیشە لەسەر سەریی منو سەرجەم دەسەڵاتدارانی دنیا هەڵواسراوەو بەردەوام هەڕەشە دەکات؟

مەبەست لەو شمشێرە، ڕق و قین و تووڕەیی خەڵکە بەرامبەر بە دەسەڵات. باش بزانە کە من لەهەر چرکەیەکدا دەترسێم یەکێک پەلامارم بدات و بمکووژێت. من زۆر باش دەزانم هەموو ئەو کەسانەی کە بەهۆی زوڵم و زۆرداریی و چەوساندنەوەی من،

خۆشەویست و ئازیزەکانیان لەدەستداوە، هەمیشە لەبیریی تۆڵە سەندنەوە دان و هەرگیز لە بیریان ناچێتەوە.

(داموکلێس)، بە(پاشا)ی وت: ئەوەندە بەسە بۆ من. ئەو کەسە، کەسە، حەرفێکی بەسە. تکایە ڕێگام پێبدە بڕۆم، من ئێستا دەزانم کە چەندە هەڵەبووم!

خاوەنی پارەو دەسەڵات، بەو شێوەیە کە من بیرم لێدەکردەوە، بەختەوەرنین. مۆڵەتم پێبدە بگەڕێمەوە بۆ کەلاوە بچووکەکەی خۆم، کە هەرگیز بە کۆشک و دەسەڵات و سەروەت و سامانی تۆ نایگۆڕمەوە، کە لەفلان گوندەیەو لە وێ دەست بکەمەوە بە ژیانە سادەو ساکارو بێمەترسیەکەی خۆم.

(پاشا) داواکەی لێپەسندکردو (داموکلێس)، بۆ ماڵەکەی خۆی گەڕایەوە. تاکو مردیش لەو گوندەو لەو ماڵە ئارام و بێدەنگەدا کە هەیبوو، دەرنەچوو. زۆریش ڕازیبوو لەو ژیانە کەسروشت پێی بەخشیبوو.

## سێیەمین ساویلکە

جارێک دوو کەس، بە ڕێکەوت، دەبن بەهاوڕێ و هاو سەفەر، ڕێگاشیان دوورو درێژ دەبێت و دەبوایە، بەدرێژایی ئەو ڕێگایەش هەر بەپێ بڕۆن، یەکێکیان دەڵێ: بۆ ئەوەی زۆر هەست بەماندوویی نەکەین و ڕێگای درێژ کورت بکەینەوە، باشوایە بەیەکەوە (وتووێژ) بکەین و هەر یەکە باس لە ئارە زوو یەکمان بکەین، بۆ ئەوەی سەرمان گەرم بێت و بیر لە دوورو درێژیی ڕێگا نەکەینەوەو ماندووییمان لە بیر بچێتەوە.

ئەوەی دیکەیان وتی: منیش پێم باشەو فەرموو تۆ یەکەم جار ئارەزووی خۆت بڵێ:

یەکەم، وتی: من ئارەزووم ئەوەیە، کە ڕانە مەڕێکی زۆرم هەبوایەو لە شیرو ماست و ڕۆن و خوورییەکەی سوود و قازانجێکی زۆرم دەست

کەوتبایەو بەهۆی بەرهەمی زۆریی داهاتەکەم، بووبام بە یەکەمین بازرگان و دەوڵەمەندیی سەرزەویی. ڕووی کردە هاوڕێیەکەی تری و وتی: ئەی تۆ ئارەزووت چییە؟

دووەم هەروەک لە شێوەی دەردەکەوت ئێرەیی بەهاوڕێکەی دەبرد! بۆیە وتی: منیش ئارەزووم ئەوەیە، یەک ڕەوە گورگی زۆرم هەبوایە، بۆئەوەی هەموو مەڕەکانی تۆیان خواردبایە. هاوڕێیەکەی تر، کەبە هۆی ئەو هەموو زیانە گەورەیە کەلێی کەوتووە، تاساو وتی: بەڕاستی وا دەڵێی یان گاڵتە دەکەی؟

ئەویش وڵامی دایەوەو وتی: نە خێر، گاڵتە ناکەم و بەڕاستی ئەوە ئارەزووی منە!

ئەویش سەریی باداو وتی: لەو بەدبەختیەی من! کێ بووە بە هاوڕێ و هاو سەفەرم؟! لەسەر هیچ و خۆڕایی دژایەتیم دەکات و سەروەت و سامانم لەناو دەبات.

لەم قسەیەک و لەو قسەیەک، پەلاماریی یەکتریانداو کەوتنە گیانی یەکترو زۆر لەسەرو گوێلاکی یەکتریان ڕاکێشا بەمەبەستی کوشتن! تا هەردووکیان بێ هێز بوون! دوای شەڕو لێکدانێکی یەکجار زۆر یەکێکیان

وتی: با کۆتایی بەو شەڕەماڵوێرانکەرە بێنین و ڕێگای خۆما بگرینەبەر. هەر وەها بڕیار بدەین لەڕێگادا یەکەم جار تووشی هەرکەسێک هاتین بیکەین بەدادوەریی خۆمان و هەر بڕیارێک کەئەو دەریکرد، ئێمەیش پێی رازیی بین.

هەرچۆنێک بوو لەسەر ئەوە پێکهاتن و وردە وردە دەستیا نکرد بە ڕۆیشتن، بەڵام حەزیان لەچارەی یەکتری نەدەکردو بەیەکەوە قسەیان نەدەکرد.

لەهێکڕا تووشی کابرایەکی پیرو بەتەمەن هاتن، کە گوێدرێژێکی پێبو و دوو مەشکە دۆشاویشی لێ بارکردبوون، بەمەبەستی چوون بۆ ناو شارو فرۆشتنی دۆشاوەکە بۆ بەڕێوەبردنی ژیانی ماڵومنداڵی.

ئەوانیش، ڕویانکردە پیاویی پیرو وتیان: مامەگیان! ئێمە زۆر باش دەزانین کە تۆ لەبەرئەوەی تەمەنت زۆرە، دڵنیاین ئەزموون و تا قیکردنەوەی ژیانیشت هەر زۆرە. بۆیە داوات لێدەکەین کە دادوەرمان بیت و گوێ ڕابگریی بۆ هەریەکێک لە ئێمە تا قسەی خۆمان بکەین. بزانە کام یەکێک لەئێمە تاوانبارە؟

مامەی پیرو ژیرو خاوەن بیریش، زۆر بە ئارامی گوێی ڕاگرت تا هەردوکیان بەتەواویی ڕوداوەکەی

خۆیان گێڕایەوە.

دوای تـەواو بـوونـی قسەکانیان، مـامـەی پیرو بەئەزموون، بۆ ئەوەی پێیان بسەلمێنێت کە ئەوانە چەندە ساویلکەو نەزانن، هەروەها نیشاندانی بیرو هزریی تیژی خۆی بەمەبەستی دادوەریکردن، ڕۆیشت بۆلای گوێدرێژەکەو هەردووک مەشکە دۆشاوەکەی هێنانە خـوارێ و زۆر بە سپایی زاریـی کردنەوەو هەموو دۆشاوەکەی بەگۆڕێ وەرکرد! ئەمجار ڕووی تێکردن‌و وتی: خوێنی من وەک ئەو دۆشاوە بڕژێتە سەر ئەم زەویە، کە ئێوە هەردووکتان نەفام و نەزان و سادەو ساویلکە نەبن!!!!!

هەر بۆیە شێخی سعدیی فەرموویەتی: لەخۆت باشتر هەڵبژێرەو بە هەلی بزانە. ئەگەر لەگەڵ کەسانی وەک خۆت بی، ڕۆژگـارت لێ بزر دەبێت. هەروەها دەڵێ: ( گەورەیی بە عەقڵە نەک بەساڵ، دەوڵەمەندیش بەهونەرە نەک بەماڵ.) (سعدی)

## هەر شتێک کە بەلاتەوە بێ نرخ بێت، رۆژێک بەکارت دێت

ڕۆژێک پیاوێکی گوندیی لەگەڵ کوڕەکەی، لەگوندەکەی خۆیانەوە بەرەو گوندێکی دیکە دەڕۆیشتن. (باوک) ئەوەندەی کەپێویست بوو خواردنی ئامادە کردو پێچایەوەو بە کوڕەکەی وت: ئاویش لەسەر ڕێگامان دەست دەکەوێت.

کاتێک کەوتنەڕێ، هەنگاو بە هەنگاو ڕێگایان دەپێوا، بینیان ناڵێکی ئاسن لەلێواریی ڕێگا کەوتووە. (باوک) بە کوڕەکەی وت: کوڕم! ئەم ناڵە هەڵبگرەوە، لەوانەیە ڕۆژێک بەکارمان بێت.

(کوڕەکە) وتی: ئەی بابە! ناڵێکی ئاسنی شکاو چ نرخێکی هەیەو بەکاریی چی دێت؟! بەبڕوای من، نرخی ئەوەی نییە کە هەڵیبگرینەوەو لەخۆمانی بکەینە بار.

(باوک) زانی کە کوڕەکەی تاکو ئێستا لە ژیانیدا ناخۆشی نەبینیوەو تووشیی تەنگانەو لێقەومان نەهاتووە. بۆیە نرخی ژیان بەو شێوەیە کەپێویستە، نازانێت!

لەبەر ئەوە ماوەیەک بێدەنگ بوو، هیچی پێ نەوت و خۆی خوار کردەوەو نالەشکاوەکەی هەڵگرتەوەو خستیە ناو توربێنە کەیەوەو ڕۆیشتن.

لە ناو ئاوایی گەیشتنە دوکانێکی نالبەندیی و (باوک) نالەکەی فرۆشت بە دوو شایی، (پارەی ئەو کاتەی ئێرانی) دواتر چاویان کەوت بە کابرایەکی گێلاس فرۆش، کە بەرەو گوند دەڕۆیشت، بۆ فرۆشتنیان.

(باوک) بەو دوو شاییە هەندێک گێلاسی لێ کڕیی و خستنیە ناو توربێنەکەی. کە گەیشتنە بیابان، هەوا وردە وردە گەرم دەبوو، ئاو/یش لەو نزیکانە نەبوو.

(کوڕەکە) لە لایەک زۆر ماندوو، لە لایەکی دیکەشەوە گەرماو تینوویەتی زۆر هێرشی بۆ هێنابوو، بۆیە وتی: بابە! لەم نزیکانە ئاو هەیە؟ دەمم وشک بووەو زۆر تینوومە. (باوک) کە لەپێشەوە دەڕۆیشت، وتی: ئەی چۆن کوڕم، دوای نیو کاتژمێریی دیکە دەگەینە ئاو.

(باوک) کەزانی کوڕەکەی زۆر تینووەو خەریکە لە ڕۆیشتن دەکەوێت، وەک هەموو باوک/ێک ئاسا دڵی پڕ لە سۆزو خۆشەویستی، کەوتە جۆش و یەک دنکە گێلاسی فڕێدایە سەر ڕێگا. (کوڕەکە) کە گێلاسەکەی بینی لەسەر زەویی کەوتبوو، زۆر بەپەلە هەڵیگرتەوەو خواردیی. دەمی کە لەتینوان وشک ببوو، کەمێک بەخواردنی گێلاسەکە تەڕو فێنک بۆوە. سەد هەنگاوێکی دیکە ڕۆیشتن، دیسان (باوک) دنکە گێلاسێکی دیکەی فڕێدایە سەرزەویی و (کوڕەکە)ش بۆی چوو هەڵیگرتەوەو خواردیی.

لە ئەنجامدا هەر پەنجا، یان شەست هەنگاوێک دەڕۆیشتن و (باوک) یەک دانە گێلاسی فڕێدەدایە سەر زەویی و (کوڕەکە)ش هەڵیدەگرتەوەو دەیخوارد، تاگێلاسەکان تەواو بوون.

زۆریی پێنەچوو گەیشتنە ئاوێکی ساردو سازگار، ئەمجار (باوک) وتی: کوڕم! لە بیرتە کە وتم: ئەو ناڵە هەڵبگرەوەو تۆش وتت: نرخی ئەوەی نییەو بۆ ئەوە ناشێ کە لەخۆمانی بارکەین؟ هەروەک بینیت، من خۆم هەڵم گرتەوەو فرۆشتم بەناڵبەندێک بەدوو شایی. بە دوو شاییەکەش ئەو گێلاسانەم کڕین بۆ

تۆ. بەڵام هەموویانم لەسەر یەک نەداپێت. بۆ ئەوەی، ئەوە بزانی تۆ یەکجار نەتتوانی خۆت خوار بکەیەوە تا ناڵە ئاسنەکە هەڵبگریەوە! بەڵام سی و حەوت جار خۆت خوار کردەوەو دانە دانە گێلاسەکانت لەسەر زەویی هەڵگرتنەوە.

دەرئەنجام بینیت هەمان ناڵە شکاوەکە، کە بەلای تۆوە زۆر بێ نرخ بوو، چۆن فریای تۆ کەوت لە کاتی تینوویەتیدا، لە بیابانێکی گەرم و وشک و بێ ئاودا؟ کەوابوو هەمیشە لە بیرت بێت، هەرشتێک، کەبەلاتەوە بێ نرخ بێت، ڕۆژێک بەکارت دێت.

## مشکی بێچارە

ڕۆژێک (مشک)ێک بەپەلە، لە کونەکەی دێتە دەرەوە بۆ ئەوەی هەندێک خواردن بۆ بێچوەکانی پەیدا بکات، لەهێکڕا چاویی کەوت بە(پشیلە)یەک کە لە بەرامبەر کونەکەیدا کەمینی دانابوو و چاوەڕێی نێچیرێکی دەکرد کەدەستی بکەوێت و بیخوات، بۆ ئەوەی کەمێک برسیەتی لابچێت.

(مشک) لەبەرئەوەی هیچ ڕێگایەکی نەبوو بۆ ڕاکردن و خۆ ڕزگارکردن، هەروەها نەشیدەتوانی بگەڕێتەوە بۆ ناو کونەکەی، تێگە یشت کە گیانی کەوتووەتە مەترسیەوەو (پشیلە)ش برسییە، بۆیە هاتووە بۆ بەر دەرگایماڵی ئەو.

(مشک) کەوتە بیرکردنەوە بۆ دۆزینەوەی پیلانێک بۆ خۆ ڕزگارکردن، کە بە هەرشێوەیەک بێت بگەڕێتەوە بۆلای بێچوەکانی. دەرئەنجام بەناچاریی دەستیکرد بە زمانلووسی و ماستاو کردن و وتی: ئەی هاوڵاتی

بەڕێز، زۆر باشبوو کە لێرە توانیم زیارەتت بکەم.

دوێنێ ڕانی چوێلەکەیەکم دەستکەوت لەگەڵ چەند دانە کولیچەی شیرین و زۆر بەتام، بۆ کاتی پێویست زەخیرەم کردوون. وا لە شوێنیی خواردەمەنی دامناون لە ژوورەوەی ماڵەکەم. ئەگەر مۆڵەتم پێبدەی، دەچم دەیانهێنم بۆ خزمە تت.

(پشیلە)ی برسیی، بە بیستنی ئەو قسانە بیرو هۆشی لەدەستداو بە (مشک)ی وت: بڕۆ بزانم چ دەکەیی و چۆن لە گەورەی خۆت پێشوازی دەکەی؟!

(مشک)، کە لەدەست (پشیلە) ڕزگاریی بوو، بە سپایی و بەهێمنی خۆی گەیاندەوە ناو کونەکەیی و لە کاتێکدا کە لەترسی (پشیلە) هەموو گیانی دەلەرزیی، دوای ماوەیەک کە کەمێک هاتەوە سەرخۆ، وتی: تازە بە هیچ شێوەیەک لە ماڵەکەم ناچمە دەرەوەو بەوەی کە تاکو ئێستا کۆم کردۆتەوە ڕادەبوێرم.

هەندێک جاریش دەیوت: ئەگەر کەمێکیش (پشیلە) لەبەردەرگای ماڵەکەم ڕابگرم ئاساییە. ئەو وادەزانێت کە من ئێستا خەریکی ڕازاندنەوەی خوان و ئامادە کردنی خواردنەکانم کە بۆی ببەم.

لە دەرەوەی ماڵی (مشک)یش، (پشیلە) لە درەنگ

هاتنەوەی نیگەران دیاربوو. هـەروەهـا دەیـوت: لە وانەشە خواردنەکان ئامادە بکات، بۆیە وا درەنگ دەگەڕێتەوە.

کـەوابـوو نابێ بکەومە گومان و دڵـە ڕاوکـێ و لەدرەنگ هاتنەوەی بێ هیوا بم. هەروەها دەیوت: جگە لەچاوەڕوانی کردن هیچ چارەیەکی دیکەم نییە.

بزانم چۆن دەبێ؟ (مشک) کە لەناو کونە بچووک و تاریکەکەیدا دەهات و دەچوو، (پشیلە)ی بینی، لە دوورەوەو سڵاویی لێکرد. (پشیلە)ش وتـی: علیک السلام ئەی (مشک). بۆ وا درەنگ هاتیەوەو ئەوەندە منت بە چاوەڕوانی هێشتەوە؟ (مشک) وتی: هەروەک لەپێشدا عـەرزم کردیی چووم کە خواردنەکەت بۆ بێنم، بەڵام بەداخەوە منداڵەکانم وایان زانیبوو کەمن چووم بۆ میوانی و بەو زوانە ناگەڕێمەوە. ڕان و کولیچەکەیان خواردبوو. منیش ئێستا وادەگەڕێم بەڵکو شتێکی تر بدۆزمەوە کەشایەنی خواردنی بەڕێزت بێ.

(پشیلە)ی برسی و بە تەماح، لەدڵی خۆیدا وتی: قەیدیی نییە، هەرچەندە ماوەیەکیشە چاوەڕوانـی دەکەم بەڵام دەزانم، لەبەرئەوەی (مشک) زۆر ڕێزیی منی لەلایە، خوانێکی ڕازاوە ڕێک دەخات و بۆم دێنیتە

دەرەوەو منیش خواردنێکی باشی بۆ دەخۆم!

هەندێک جاریش دەیوت: نەکا (مشک)ی فێڵباز هەر بە درۆ منی فریو دابێت و بۆ خۆ ڕزگار کردن لەدەست من ئەو تاکتیکەی بەکارهێنابێت و ئەو بەڵێنە درۆیانەی پێمدابێت!؟ (مشک) کە گوێی لە قسەکانی (پشیلە)بوو، لە ژوورەوەی کونەکەیدا وتی: ئەی (پشیلە)ی نەزان! تۆ ئەگەر بیروهۆشت لەسەردا هەبوایە، هەر ئەوکات منت لەدەست نەدەداو دەتخواردم.

## نیەتپاکی

(قوباد) کە پاشایەکی ئێرانی دەبێت، ڕۆژێک دەچێت بۆ ڕاو. لە شوێنی ڕاوکردندا، دەکەوێتە دوای مامزێک و لە سەربازەکانی دادەبڕێت. ئەو ڕۆژەش کە ڕۆژێکی زۆر گەرم دەبێتو تینوێتی هێرشی بۆدێنێ. دوای ماوەیەک کە دادەبڕێت، لە چۆلگەیەکدا ڕەشماڵێک دەبینێت و دەچێت بەرەو لایان و دەڵێ: میوان ڕادەگرن؟

(پیرەژن)ێک لەڕەشماڵەکە دێتە دەرەوەو زۆر بەڕێزەوە ڕێشمەی ئەسپەکەی دەگرێت، تاکوو دادەبەزێت. پیرە ژن، زۆر لە گەڵیدا ڕووخۆش دەبیت و بە جوانی بەخێری دێنێت و خواردن و خواردنەوەش، ئەوەی کە هەیانبوو، بۆیدانا.

(قوباد) دوای ئەوەی کە کەمێک ماندوویی لاچوو پاڵی دایەوەو بۆیخەوت. تاکوو ڕۆژ ئاوا خەبەریی

نەبۆوە. کاتێک هەستا لەخەو، بینی زۆر درەنگ بووە! بەناچاریی هەر لەو ماڵە مایەوە. دوای ڕۆژ ئاوا بوون، چەند مانگایەکیان هەبوو لە چۆلگە بەرەو ماڵ گەڕانەوە.

(پیرە ژن) کچێکی دوازدە ساڵانەی هەبوو زۆر ژیرو تێگە یشتوو بوو، پێی وت: کچم! بچۆ کەمێک شیر بدۆشە تا بیدەم بە میوانی خۆشەویست. (کچەکە) ڕۆیشت لە مانگایەک شیرێکی زۆریی دۆشیی. کاتێک (قوباد) ئاوای بینی، سەریی سووڕماو لەدڵی خۆیدا وتی: ئەوانە لەژێر سێبەریی ئاشتیو دادوەریی مندا لەو چۆلگەیە نیشتەجێنو بەو هەموو داهاتەشەوە ژیان دەبەنەسەر، کەچی، هیچیش نادەن بەگەنجینەی (پاشا)! خۆ ئەگەر لە مانگێکدا کەمێک لە داهاتی شیرەکەیان بدەن بەگەنجینەی حکومەت، هیچ لەوان کەم نابێتەوە، بەڵام سەرمایەی وڵات بەرەو زیادبوون دەچێت و ئابووریی/ش گەشە دەکات.

هەر لەدڵی خۆیدا بڕیاریدا کاتێک کە گەڕایەوە بەرەو پایتەخت، باج بخاتە سەر خەڵکەکەی.

کە شەو تێپەڕیی و دنیا ڕووناک بۆوە، (پیرە ژن) بانگی کچەکەی کردو پێی وت: هەستە لە خەو، با

نانی بەیانی بدەین بە میوان. (کچەکە) هەستا لە خەوو هەروەک ڕۆژانی ڕابردوو، چوو بۆلای مانگاکان کە بیاندۆشێت. بەڵام هەرچەند هەوڵیدا شیریان نەداو ناچار هاواریکردو وتی: دایکە! دایکە! هەستە ڕوو لەخوای گەورە بکەو بپاڕێوەو نزا بکە. وادیارە پاشای وڵات نیەتی گۆڕاوەو نیازیی زۆرداریی هەیە بەرامبەر بەخەڵکەکەی!

(قوباد) سەریی بەرز کردەوەو ڕووی لەخوا کردو وتی: ئەی پەروەردەگار! ئەو کچە کەنازانێ من کێم، چۆن زانی کە من نیەتم گۆڕاوەو ئەو بیرۆکەیەم بەسەر مێشکدا هاتووە؟ (پیرە ژن) هەستاو بەگریانەوە ڕووی لەخوا کردو دەستیکرد بەپاڕانەوەو سکاڵا کردن بۆ ئەوەی بەزەیی پێیاندا بێتەوەو خێرو بەرەکەت بگەڕێتەوە بۆیان و هەروەها ئەگەر سەرۆکی وڵات نیەتی بەرەو خراپە گۆڕابێ، بەرەو چاکیی بگەڕێتەوە.

(قوباد) بانگی پیرە ژنی کردو وتی: پێم بڵێ: چۆنتان زانی کە(پاشا)ی ئێوە، بیرۆکەی زۆرداریی بەدڵدا هاتووە؟

(پیرە ژن) وتی: هەموو بەیانیان مانگاکانی ئێمە شیری زۆریان دەداو ئەمڕۆش کەنەیانداو هیچ

نەخۆشیش نین، زانیمان کە هۆیەکەی گۆڕانی دڵیی سەرۆکی وڵاتە بەرەو خراپیی بەرامبەر بە خەڵکەکەی خۆی! چونکە بیستوومانە: (هەرکاتێک سەرۆکی وڵات نیەتی باش بێت، خوای گەورە خێرو بەرەکەتی زۆر دەبارێنێت بۆ وڵاتەکەیی و هەموو کەسێک بەتێریی و بەشادیی ژیان تێپەڕدەکات. وە ئەگەر بیریش لە چەوساندنەوەو ئازاردانی خەڵکەکەی بکاتەوە، خوای گەورە خێرو خۆشی و بەرەکەت لەو وڵاتەدا لادەبات و بەرەو وێرانی دەچێت.)

(قوباد) وتی: ڕاست دەکەی، بەڵام دڵنیابە ئەگەر (پاشا) نیەتی خراپی هەبێت، یان بەدڵیدا هاتبێت، پەشیمان دەبێتەوەو هەرگیز جارێکی تر بەو شێوەیە بیرناکاتەوە.

دوای ماوەیەک کچە بچووکەکە دیسان هەستاو ڕۆیشت بۆ لای مانگاکان کە بیاندۆشێت، سەیریکرد شیرەکە هەروەک ڕۆژانی ڕابردوو بوو.

(قوباد)یش بڕیاریدا کە ئیتر جارێکی دیکە بیرۆکەی ئاوای بەدڵدا نەیەتەوەو داوای لێبووردنی لەخوای گەورە کردو بەرەو پایتەخت گەڕایەوە.

## ڕاوێژ کردن

یەکێک لە (پاشا)یان لەگەڵ یەکێک لە وەزیرەکانی خۆی ڕاوێژیی دەکردو هەڵوێستی وەردەگرت، دەیوت: من لە نێوان کۆکردنەوەی سامانو مانەوەی سوپا، سەرم سووڕ ماوەو نازانم کام یەکێک لەو دوانە، هەڵبژێرم باشترە؟ ئەگەر دەست بکەم بە کۆکردنەوەی ماڵ و سامان، سوپاکەم پەرت و بڵاو دەبێت، ئەگەر سوپا/ش بەهێز کەم و، پەروەردەی بکەم، ئەو سامانەی کە هەمە، لەدەستم دەچێت.

(وەزیر) وتی: باشترە هەوڵدەی بۆ کۆکردنەوەی ماڵ و سامان. (پاشا) وتی: سوپا/م لێدوور دەکەوێتەوە. (وەزیر) وتی: هەرکاتێک کەپێویستیت بە سوپا بوو، پارەی زۆریی پێبدە، تا وەک پەپوولە لە دەورت بسووڕێتەوە.

(پاشا) وتی: بۆ ئەم هەڵوێستە هیچ بەڵگەیەکت هەیە؟ (وەزیر) وتی: بەڵێ، هەر ئێستا پێت دەسەلمێنم:

هەر وەک دەبینی ئێستا لەم ژوورەدا تەنانەت تاکە مێشێکیش نییە، دەستوور بدە با قاپێک هەنگوین بێنن. کاتێک کە هەنگوینیان هێناو دایاننا لەسەر زەویی، دوای چەند خولەکێک ژمارەیەکی زۆر مێش هاتنە ژوورەوەو لێی کۆبوو نەوە.

(وەزیـر) ڕووی لە(پدشا) کردو وتـی: پێت چۆن بوو؟ بزانە کاتی لێقەومان و مەترسی کە دەرگای گەنجینەت کـردەوەو پـارەت بـڵاو کـردەوە، هەموو خەڵک لە دەورت کۆدەبێتەوە. ئیتر پێویست ناکات تۆ هەمیشە پارە خـەرج بکەیی و بەبێهودە بیدەی بەسوپاو ڕایانبگریی بۆ ڕۆژیی لێقەومان...

(پاشا) بەو وتانەی (وەزیر) زۆر خۆشحاڵ بو و سوپاسیکرد.

ڕۆژیـی دواتـر، (پـاشـا) هـەر هەمان شت کە بۆ (وەزیر)یی باس کردبوو، بۆ یەکێک لە (وەزیر)ەکانی تریشی باسکرد و هەڵوێستی ئەویشی وەرگـرت. بەڵام (وەزیر)یی دووەم لە وڵامدا وتی: باشترە سوپا هەمیشە لەحاڵەتیی فێرکردنو پەروەردەکردندا بێت. هـەروەهـا بــەردەوام ڕابێنرێت و ئـامـادە بکرێت بۆ ڕۆژانیی سەخت و دژوارو ڕوداویی لە ناکاوو ڕوو

بە ڕوو بوونەوە لەگەڵ دوژمناندا.

تۆ کە ئەمڕۆ دەتەوێت سوپا کەت لەکار بخەیی و یارمەتی لێ ببڕیی، دڵنیابە دڵیان بەرامبەر بەتۆ دەڕەنجێت. کاتێک کە پێویستیت پێیان هەبێت چیدەکەی؟ (پاشا) لەوڵامدا وتی: بۆ ئەم وتەیە هیچ بەڵگە یەکت هەیە؟ (وەزیر) وتی: بەڵێ، ئەمشەو پێت سابت دەکەم: کاتێک شەو داهات قاپێک هەنگوینیان هێناو زۆر چاوە ڕوانیانکرد تەنانەت تاکە مێشێکیش نەهاتە ژوورەوە بۆ لای هەنگوینەکە! (وەزیر) ڕووی کردە (پاشا)و وتی: بینیت، کاتێک کەخەڵک دڵیی ڕەنجاو شکا، جارێکی تر لەکاتیی پێویستدا لە دەورت کۆنابنەوەو گوێت لێناگرن. بۆیە ووتراوە:

(چراغ از بهر تاریکی نگهدار، چوبە گشتی طبیب را زخود میازار) (سەعدی)

چرا، لە کاتیی تاریکیدا پێبکە. کاتێکیش کە لە نەخۆشیی چاک بوویەوە، پزیشکەکەت لە خۆت مەڕەنجێنە.

(پاشا) وڵامی (وەزیر)یی دووەمیی زۆر بەدڵبوو. وێڕای سوپاسکردنێکی زۆر، پاداشتێکی باشیشی پێدا.

## بەزەیی هاتنەوە بە (مار)

ڕۆژێک کابرایەکی وشتر سوار، لە چۆلەوانییەکدا گەیشتە جێگایەک، کە کاروانچی لەو شوێنە پێشتر پشوویاندابوو. ئاگریان کردبۆوەو دواتر ڕۆیشتوون. هەروەها بەهۆی هاتنی ڕەشەبا، ئاگرەکە لە دەوروبەر بڵاو بۆ تەوەو پووش و پەڵاش و دارستانی دەورو بەریی هەموو سوتاندووە.

کە سەیریی کرد، ئاگر دەورەیی مارێکی زۆر گەورەی داوەو لە هیچ ڕێگایەکەوە دەرفەتی دەرچوونی نەبوو. زۆریی نەمابوو کە بسووتێ و گیانی دەرچێت. کابرای وشتر سوار کە زۆر بەبەزەیی بوو، لە دڵی خۆیدا وتی: ئەگەرچی (مار) دوژمنەو بۆ باوەڕ پێکردن نابێت، بەڵام کە ئێستا ئاوا گیانی لە مەترسی دایە، باشتروایە کە یارمەتی بدەم و ڕزگاریی بکەم.

تورەکەیەکی لە سەریی داریکی دریژ بەست و بەهەر شیوەیەک بوو بە ناو ئاگرەکەدا گەیاندیە مارەکەو وتی: بچۆ ناویەوە، دەمەوێ ڕزگارت بکەم! (مار) زۆر بەپەلە خۆی گەیاندە ناو تورەکەکەو کابراش کە لەوشترەکە دانەبەزیبوو، مارەکەی لەپێش خۆی داناو وتی: ئێستا تۆ ئازادیی، بۆ کوێ دەتەوێ بچی برۆ، (مار)، کەوتە قسەکردن لەگەڵ کابراداو وتی: تۆ هەرچەندە لەگەڵ مندا پیاوەتیت کردو منت ڕزگارکرد، بەڵام تا گازێکت لێنەگرم نارۆم! مەگەر نازانیی کە من دوژمنی مرۆڤم؟ ئێستا پێم بڵێ: یەکەمجار بەتووە بدەم یان بە وشترەکەت؟ کابرا وتی: تۆ پاداشتی چاکە بەخەراپە دەدەیەوە؟ (مار) وتی: دەتوانین لەخەڵکی دیکەش هەڵوێست وەربگرین.

وا دەڕۆن وردە وردەو ماریش لەناو تورەکەکەدا سەریی دەرهێناوەو لە پێش کابرادا سەر بۆ ئەملاو ئەولا دریژ دەکات و لە هەڕەشەکردنیش بەردەوامە! کابراش هیچ چارەیەکی نییە جگە لەپاڕانەوەو لاواندنەوەی مارەکە، تاڕێگا چارەیەک دەدۆزێتەوە.

لە کاتیی ڕۆیشتندا، یەکەمجار چاویان کەوت بە گامێش. کابرا ڕووی تێکردو وتی: ئایا وڵامی چاکە

بەخراپە دەدرێتەوە؟ گامێش وتی: بەڵێ، ئەوە شتێکی ئاشکرایەو ئەمە تەنیا سروشتی مرۆڤەکانە کە هەمیشە وڵامی چاکە هەر بەخراپە دەدەنەوە!

بۆ ئەوەیش من بەڵگەم هەیە، من چەند ساڵە شیرو ڕۆن دەدەم بەخاوەنەکەم و هەموو ساڵێکیش بێچوویەکم دەبێت. بەڵام ئێستا کە پیر بووم و لەمەودوا بێچووم نابێت، خاوەنەکەم منی فرۆشتووە بەقەساب، بۆ کوشتنەوە.

(مار) وتی: زۆر باش گوێت لە گامێش گرت؟ کابرا وتی: بۆ بڕیاردان تاکە شاهیدێک بەس نییە، پێویستە شاهیدێکی دیکەش هەبێت.

گامێش/یان جێهێشتوو چوون بۆ لای پیرە دارێک و کابرا هەمان پرسیاری لێیکرد. دار وتی: من بێوەفایی و بێبەزەییم تەنیا هەر لەمرۆڤەکان بینیوە! چەند ساڵانێک لە ژێر سێبەری ئێمەدا، دادەنیشن و دەحەسێنەوە، دوایش دەمانبڕنو پارچە پارچەمان دەکەن. (مار) وتی: دوو شاهید، بڕیارە کەی منیان پەسند کرد. لەوە زیاتر چیت دەوێت؟ ئێستا ئامادەبە تاگازێکت لێبگرم و تەواوت بکەم، کابرا وتی: ئەگەر شاهیدێکی دیکەش هەر هەمان هەڵوێستی ئەوانی

هـەبێت، تۆ هـەرچی ئارەزووتە بیکەو من هیچ چارم نییە.

دوا جار تووشی (مام ڕێویی) بوون. کابرا هەموو مەسەلەکەی بەدوورو درێژیی بۆ گێڕایەوە، کە چۆن مارەکەی ڕزگار کردووە. (مام ڕێوی)یش وتی: من هەرگیز باوەڕ ناکەم تۆ ئەم کارەت کردبێت و مار بەو گەورەییە بتوانێت بچێتە ناو ئەم تورەکەوە! (مار) وتی: بەڵێ منی ڕزگار کردو چووم بۆ ناو تورەکەکەش، (مام ڕێویی) وتی: بە کابرا، ئەگەر ڕاست دەکەی، زاریی تورەکەکە بکەوە ئاخۆ مارەکە دەتوانێت بچێتە ناویی؟ بۆ ئەوەی باش دڵنیابم کە ئایا مارەکە ڕاست دەکات یاننا؟ ئەمجار من لە نێوانتاندا بڕیاریی خۆم دەدەم.

کابرا زاریی تورەکەکەی کردەوەو ماریی لە خۆبایش زۆر بە جوانی بۆ ئەوەی مام ڕێویی دڵنیا بکات کەڕاست دەکات، چوو بۆ ناو تورەکەکەو کابراش زاریی توند بەست و ڕووی لەمام ڕێوی کردو وتی: دەڵێی چی؟ مام ڕێویی وتی: ئێستا کە دوژمن لەژێر دەستی خۆتدایە، بە هیچ شێوەیەک ڕێگای دەرچوونی پێمەدە، ئەگینا ئەو تۆ لەناو دەبات.

کابرا کە ئەمەی بیست، سەریی تورەکەکەی گرت و چەندین جار بەهەموو هێزیی خۆی، دای بەزەویدا، تاگیانی دەرچوو.

(کاتێک دوژمنت بینیی، کە لەناو ئاو دایەو خەریکە دەخنکێ، هەرگیز دەستی مەگرەو ڕزگاریی مەکە. هەوڵدە پێ بخەیتە سەرسەریی، تاگیانی دەردەچێت) (سەعدی)

## هاوڕێی بێوەفا

لەشاریی کوفە، کە یەکێکە لە شارە عەرەب نشینەکانی عیراق، کابرایەکی زۆر دەوڵەمەندو دڵکراوەو سەخی هەبووە، لەو ناوەدا ناو بانگی دەرکردووە بۆ چاکەو پیاوەتی و یارمەتیدانیی خەڵک.

گوایە لەگەڵ یەکێک لە کاربەدەستانی حکومەت دەبێت بەئاشناو لەکاتی پێویست و جیاجیادا، زۆر جار چاکەی لەگەڵدا کردووەو یارمەتیداوە. کاتێک کە "مصعب " کوڕیی "زوبێر" دەسەڵاتی ویلایەتی کوفەی گرتە دەست، ئەو کاربەدەستە خۆیوو ژنەکەی و منداڵەکانی لە ترسی (مصعب) پەنادەبات بۆماڵی ئاشنا دەوڵەمەندەکەیی و ماوەیەکی زۆر لە ماڵیی ئەو دمێنێتەوەو زۆر بەجوانی پێشوازیی لێدەکات و خزمەتێکی زۆریی دەکات.

ئەو کاربەدەستە هەڵاتووە، خۆیی و خێزانیی و منداڵەکانیی، لەو ماوەیەدا کە لەماڵیی دۆستەکەی

دەبێت، بەشێوەی نەهێنی دەژیاو هەموو خەرجێکیشیان لەسەر ئەو ماڵە دەبێت.

کابرای دەوڵەمەند بەبێ ئەوەی تەنانەت بۆ تاکە جارێکیش ڕووگرژ بێت، یان منەتی لەسەر بکات، بەو شێوەی کەپێویستە ئەرکیی دۆستایەتی خۆی بەجێی دەهێنا.

دوای ماوەیەک (حجاج) دێت بۆ کوفەو (مصعب) دەکوژێت و دەسەڵات بەتەواویی دەکەوێتە ژێر دەستی ئەو.

کابرای کاربەدەستیش کە لەترسی (مصعب) خۆی شارد بۆوە، لە ماڵی کابرای دەوڵەمەند هاتەدەرەوەو چوو بۆلای (حجاج).

ڕۆژێک (حجاج) وتی: بە کاربەدەستەکە، تاکو ئێستا کەم کەسم بینیوە وەک تۆ لێهاتوو بێت؟! پێمخۆشە ئەگەر کەسێک دەناسی کە دژیی ئێمە بێت و لە لایەنگرانی ئەمیریی ڕابردوو بێت، پێم بناسێنی. بۆ ئەوەی بەسزای خۆی بگەیەنم.

کاربەدەستی بێوەفاو بێئەمەکیش یەکسەر ئاماژەی بەهەمان ئەو کەسە کرد کە دۆستی بوو و لەکاتی تەنگانەدا فریای کەوتبوو و خزمەتی دە

کرد! وتی: کابرایەک هەیە لەم شارە، (مصعب) لەکاتی فەرمانڕەواییدا پارەیەکی زۆریی بەئەمانەت پێ سپاردووە.

(حجاج) بەپەلە ناردیی بەدوای کابراداو دوای لێکۆڵینەوەو ئەزیەتکردنێکی زۆر ئەمجار داوای ئەو پارەیەی لێکردەوە کە (مصعب) لەلای داناوە! کابرای دەوڵەمەند وتی: بڕوام پێ بکە هیچ پارەی (مصعب) لەلای من نییە.

(حجاج) وتی: فڵان کاربەدەستە کە تۆ زۆر باش دەناسێت، وادەڵێت! کابرای دەوڵەمەندیش وتی: تاوانی من هەر ئەوەیە کەبۆ ماوەی چەندین مانگ ئەو کەسە، کە لەترسی (مصعب) لە هیچ جێگایەک پەناگایەکی نەبوو، من لەماڵی خۆم پەنام داوەو بە هەموو توانای خۆمەوە خزمەتم کردووە.

ئەگەر تۆ باوەڕ بەمن ناکەی، لەژن و منداڵەکانی پرسیار بکە. (حجاج) داوای خێزانی کاربەدەستەکەو منداڵەکانی کردو پرسیاریی لێیانکردو وتی: ئایا ئەو کاتە کە(مصعب) لە کوفە حوکمی دەکرد ئێوە لە کوێ بوون؟ ژنی کاربەدست کە ژنێکی ڕاست و بەوەفاو بەویژدان بوو، وتی: ئێمە لەماڵی فڵانە دەوڵەمەندە

بووین و زۆر خزمەتی ئێمەی دەکرد.

(حجاج) ئەمجار دڵنیابوو کە کاربەدەستەکە چەندە بێنرخ و بێوەفاو سپڵەیە. هەر ئەوکات دەستوریدا کە هەزار داریی لێبدەن و جارچیش لەناو شاردا هاواریی دەکرد کە هەر کەسێک چاکەو پیاوەتی لەبیر بکات و خیانەت بەخاوەن چاکە بکات، سزای ئەوە دەبێت. هەروەها داوای لێبووردنیشی لە کابرای بیتاوان کردو ئازادیکرد، کاربەدەستەکەیشی لەسەر کار دوور خستەوەو بەسزای خۆی گەیاند.

## (حجاج) و براکەی

ڕۆژێک (حجاج) دەچێت بۆ ڕاو، لە دەرەوەی شار تووشی عەرەبێکی دەشتەکی دەبێت و لێی دەپرسێت: لە کوێوە دێی؟ کابرای عەرەب، لەگەڵ ئەوەشدا کە (حجاج) باش دەناسێت و دەیزانی کە ئەو سەرۆکی عێراقە، وتی: لە یەمەنەوە دێم. (یمن)

(حجاج) بەهەلێکی باشی زانی و هەواڵی براکەی خۆی لێپرسی: کە سەرۆکی (یەمەن) بوو، وتی: (محەممەد) کوڕی (یوسف سەقفی) خاوەن دەسەڵاتی وڵاتەکەتان چۆنە؟ کابرای عەرەب وتی: سەرۆکی ئێمە، یەکێکی هەیکەلی، قەڵەو، هەڵمساوو کەیفی زۆر سازە.

(حجاج) وتی: لە چۆنیەتی شەخسی ئەو ناپرسم. سەبارەت بە فەرمانڕەوایی و دادوەریی ئەو پرسیار دەکەم، کە ئایا لەگەڵ خەڵکدا چۆنە؟

کابرای عەڕەب وتی: بڕوا بکە بەئەندازەی یەک دنکە جۆ، بەزەیی و ویژدان لە دڵی ئەو سەرۆکەی ئێمەدا نییەو دروست نەبووە. پیاوێکی زۆر چەوسێنەرو بێ بەزەیی و لەوپەڕیی بێ ڕەوشتیدایەو لەخۆبایی و خۆپەر ستیەکەی، هیچ سنوورێکی نییە.

(حجاج) وتی: بۆ تاکوو ئێستا هیچ کامێک لە ئێوە، سکاڵاتان بەرز نەکردۆتەوە، لەلای براگەورەکەی؟ (حجاج) بۆ ئەوەی چەوساندنەوەی ئەوتان لەسەر لاببات.

کابرای یەمەنی، وتی: (حجاج) کە لەو گەورەترە، لە ویش بێ بەزەیی ترە. خەڵکی یەمەن، لەبەر ئەوەی ئەوە دەزانن، تاکو ئێستا سکاڵایان بەرز نەکردۆتەوە بۆلای (حجاج).

(حجاج)، لەکابرای عەڕەبی یەمەنی پرسی: تۆ من دە ناسی؟ کابرا وتی: بەڵێ! تۆ "(حجاج)ی" و سەرۆکی ئێمەیش برای تۆیە!

(حجاج) وتی: لە من نەترسای کە ئەو هەموو قسە ناحەزو بێ جێیانەتکرد، لە بارەی براکەی من؟

عەڕەبە، وتی: نەخێر! هەر کەسێک حەق بڵێت، لەناحەق ناترسێت و هەرکەسێکیش لەخوا بترسێ،

جگە لەئەو، لە هیچ کەسی دیکە ناترسێت. (حجاج) ڕووی لە هاوڕێکانی کردو وتی: ئەو پیاوە لەبەر خاتریی خوا، لە لۆمەی هیچ لۆمەکەرێک ناترسێت و بێ باکیشە لە هەڕەشەی هەموو خاوەن دەسەڵا تێک.

(حجاج) لەگەڵ ئەوەدا کە لە بێبەزەییدا هاوتای نەبووە، بەڵام لەبەر ڕاستی و نەترسی ئەو کەسە، بڕیاریدا هەزار درهەم بدرێت بەو پیاوەو براکەشی لەسەر دەسەڵات لادا، کە سەرۆکی یەمەن بوو.

## نامەیەک بۆ خوا

هەواڵ درا بە یەکێک لە(پاشا)یانی ئێرانی کە لە فڵانە ڕێگا، دە کەس دەستیانکردووە بەدزیی و ڕێگرتن و ئازاردانیی خەڵک، کە بەو ڕێگایەدا تێپەڕدەبن.

(پاشا)، دەستووریدا کەبە زوترین کات بەهەر شێوەیەک بێت، دەبێ ئەوانە بگیرێن‌و بیان هێنن بۆلای من. ئاسایش دوای هەوڵدانێکی زۆر هەر دەکەسیان گرتن و کەوتنەڕێ بەرەو پایتەخت و هەواڵی دەستگیر کردنی هەر دەکەسیشیان نارد بۆ پایتەخت، بۆ ئەوەی زوو ئەو هەواڵە بگەیەنن بە(پاشا).

شەویی دووەم یەکێک لە دزەکان ڕایکردو هەرچەند هەوڵیاندا بۆ یان نەگیرایەوە. لەبەرئەوە هەواڵی گیرانی دە کەسیشیان ڕاگەیاندبوو، نەدەکرا ژمارەیان لەوە کەمتربێ. بۆیە بەناچاریی کابرایەکی بێتاوانیان گرت کە تازە لەسەفەریی حەج دەگەڕایەوە، لە جیاتی دزەی ڕاکردوو، دەست و پێیان بەستن‌و

وێڕای دزەکانی تر بردیان بۆ بەندیخانە!

دوای دووسێ حەفتە، هەریەکێک لەدزەکان بەنامە دۆست و خزمەکانیان ئاگادار کردەوە، کەخاوەن دەسەڵات بوون و پلەو پایەیەیان هەبوو، لە کاروباریی حکومەتداو ئازاد کران. جگە لەو پیاوە بێتاوانە، کە هیچ کەسیی نەبو و هیچ کەسیشی نەدەناسی تا پەیوەندیی پێوە بکات و داوای لێ بکات کە هەوڵی ڕزگارکردنی بۆبدات.

یەکێک لە پاسەوانەکانی بەندیخانە، زۆر دڵی بۆ ئەو گیراوە بێتاوانە سووتاو وتی: تۆش واباشە نامەیەک بۆ دۆستەکانت بنێریی بەڵکوو ڕزگارت بکەن.

کابرای بێتاوان وتی: تۆ ڕاست دەکەی. دەستیکرد بەنامە نووسین و تەواویی بەسەرهاتەکەی خۆی لە نامەکەدا باسکردو جوان پێچایەوەو خستیە ناو پاکەت نامەیەک و لەسەریی نووسی (از بنددەای فقیر، بە خدای جلیل) هەروەها داوای لەپاسەوانەکە کردو وتی: تکایە ئەو نامەیە ببە بۆ سەربانیی بەندیخانەو جێی بێڵە.

بەئەمریی خوای گەورە بە هۆی هاتنی ڕەشە (با)، نامەکە وردە وردە ڕۆیشت تاگەیشتە ناو باخیی

کۆشکی (پاشا). (پادشا) کە لەبەرەبەیاندا لەناو باخدا پیاسەی دەکرد، چاویی بەنامەکە کەوت و بەسەرهاتی کابرای بێتاوانی خوێندەوەو دەستووریدا کە بیهێنن بۆلای، تا لەزمانی خۆیەوە هەموو شتێکی گوێ لێبێت. کاتێک کە هێنایان و لێی پرسی: تاکوو ئێستا ئەو بەسەرهاتەت لەلای هیچ کەسێکی دیکە باسکردووە؟

کابرای بێتاوان وتی: نەخێر، بینیم هەریەکێک لەبەندیەکان نامەی نووسی بۆ دۆستەکانی خۆیی و ئازاد کران، منیش هیچ کەسێکم نەبوو، جگە لەخوای گەورە، کە پەنای بۆ ببەم و نامەشم هەر بۆ ئەو نووسیی. چونکە هەر ئەوە کەسیی هەموو بێکەسان و دەلیلیشە بۆ هەموو داماوو بێپەنایان.

(پاشا) وتی: نامەی تۆ، خوای گەورە گەیاندیی بەدەستی من و کارێکی زۆر باشت کرد کەنامەت بۆ ئەو نووسیی.

دەستووریدا، بردیان بۆ حەمام و دواتر ئەسپێک و خەڵاتێکی زۆر لەگەڵ هەزار دیناری پێداو ناردیەوە بۆ وڵاتی خۆی. (فەرموودەی خوایە کەدەڵێ: هەرکەسێک، پشت بەخوا ببەستێ، خوا بەسە بۆ ئەو.)

## پاسەوانیی پێنج ساڵە

لەشەڕی جیهانی دووەمـدا، کە لەساڵی ١٩٣٩–١٩٤٥ی زایینی درێژەی کێشا، دەستەیەک لە هێزەکانی سوپای ژاپـۆن هـاتن بۆ یەکێک لـە دوورگـەکـانـی فیلیپین، کە دەکەوێتە ئەقیانووسیی گەورە.

لەکۆتایی تـەواوبوونـی شـەڕدا، کاتێک کەشتیی ژاپۆنـیـەکـان هـات بۆ ئـەوەی سـەربـازەکـانـی خۆی ببـاتـەوەو ئـەو دوورگـەیـە جێ بێڵێت، هـەموو سـەربـازەکـان، زۆر بـەپـەلـە خـۆیـان گـەیـانـدە نـاو کەشتیەکەو ڕۆیشتن. بەڵام یەکێک لەسەربازەکان، کە لە گۆشەیەکی دوور، سەرگەرمیی پاسەوانیەکەی بوو، لە بیرکراو لە دوورگەکە بەجێما.

سەربازە ژاپۆنیەکە دوای چەند کاتژمێرێک بینی، کەس نایەت بۆلای! لەخەڵکی گوندەکەی پرسی: سەربازەکانی ئێمە بۆ دیارنین و بۆ کوێ چوون؟ ئەوانیش وتیان: ماوەیەکە هەموویان سواریی کەشتی بوون و ڕۆیشتن.

سەربازیی هەژارو جێماو، جگە لەوەی کەخەم و پەژارە بەتەواویی دڵ و مێشکی داگرت لەلایەک، لەلایەکی دیکەشەوە، خەمیی ئەوەی هەبوو کەنەبادا بە هەڵاتوو تاوانباریی بکەن، لەبەر ئەوە زۆر دڵتەنگ بوو و هەمیشە خەمی دەخوارد.

دوای ماوەیەک، یەکێک لەخەڵکی گوندەکە زۆر بە پەرۆشەوەبوو بۆحاڵی ئەو سەربازەو هێنایەوە بۆماڵی خۆی و زۆر ڕێزیی لێگرت. دواتر لەبەر ئەوەی سەربازەکە زۆر دەست و دڵ و داوێن پاک بوو، لە هەموو بارەیەکەوە باوەڕ پێکراوو دڵسۆز بوو، کچی خۆی پێداو کردیی بەیەکێک لە ئەندامانی ماڵەوەی خۆی.

دەرەنجام سەربازیی لە بیرکراو، ماوەی پێنج ساڵی تەواو لەو شوێنە سەرگەرمیی ژیان بوو. دوای ماوەیەک ژاپۆنیەکان کە لەو جۆرە ڕوداوانەیان زۆر بوو، هەروەها لە زۆر شوێنی دیکەش سەربازیی بزرکراویان هەبوو و نەیاندەزانی، کەوتنە گەڕان و هەوڵدان بۆ دۆزینەوەیان.

دوای ماوەیەکی زۆر درێژ خایەن، کۆنسوڵی ژاپۆن ئاگادارکرا کە سەربازێکی ژاپۆنی لە فلان

دوورگـەیـە. سـەربازیی لە بیرکراوو بەجێماو، کە بیستی وا کاربەدەستانی ژاپۆنی خـەریکن دێن و دەیبەنەوە بۆ ژاپۆن، زۆر بەپەلە جلە سەربازیەکەی خۆی پۆشیەوەو چوو بۆ هەمان جێگا کە پاسەوانیی لێدەکردو لەبیرکرا.

زۆر چالاکانە وەستاو تفەنگەکەی لەناو دەست گرت، کاتێک لێپرسراوانی ژاپۆنی هاتن بۆ ئەو شوێنەو دەگەڕان لەسەربازەکـە، بینیان واتفەنگ بەدەستەوە لە هـەمان جێگا، کـە بۆی دیاریکرا بوو، سـەرگـەرمی پاسـەوانی و ئەنجامدانی ئەرکەکەی خۆیەتی!

وتـیـان: چەند ساڵە تۆ چیت کـردووە؟ ئەویش وتی: وا پێنج ساڵی تـەواوە من هەر پاسەوانی لەو شوێنەدەکەم کە بۆم دیاریکراوەو پێم سپێردراوە! لێپرسراوو کاربەدەستانی ژاپۆنیش کەئەوەیان بینی و گوێیان لەقسەکانی سەربازەکەبوو، سەرەڕای ئەوە کە زۆر خەمیان لێدەخوارد، زۆریش پێکەنین و دواتر لە هەموو شتێک تێگەیشتن و زۆریش یارمەتیانداو ئەوەی کە پێویستیش بوو بۆیانکرد.

## دزو دەوڵەمەند

ئێوارەیەکی درەنـگ، کۆمەڵێک دز لەجێگایەک دانیشـتبوون، پیاوێکی دەوڵەمەند بە کیسەیەکی پڕ لەپارەوە بەلایاندا تێپەڕ بـوو. یەکێک لەدزەکان کە بەتەمەن لە هەموویان بچووکتر بـوو، وتـی: پێتان چۆنە کە من لە ماوەیەکی زۆر کورتدا ئەو کیسە پارەیەی لێ بدزم! هاوڕێکانی وتیان: چۆن دەتوانی ئەو کارە بکەی؟ ئەویش وتی: ئێوە لە جێگای خۆتان دانیشن و سەیرکەن.

هەر کە کابرای دەوڵەمەند تێپەڕیی، دزەش دوا بـەدوای ئەو هەنگاو بە هەنگاو کەوتە شوێنی. کە دەوڵەمەند دەرگای کردەوەو چوو بۆ ژوورەوە، لەبەر ئەوە کە تاریک بوو، دزەش هەر بە دوای ئەودا چوو بۆ ژوورەوەو لە گۆشەیەکدا خۆی شاردەوە.

دەوڵەمەند کیسەپارەکەی هەر لە پێشەوە لەسەر پاردەیـەک دانـا. کە واپێدەچوو زۆریـش تەنگاوبێ،

بۆیە بەپەلە خۆی گەیاندە سەر ئاوو داوای لە خزمەتکارەکەی کرد، وتی: مەسینەم بۆ پڕکە لە ئاوو بۆم بێنە. تا خزمەتکارەکە مەسینەی ئامادەکرد، دزەش پارەکەی ڕفاندو بۆی دەرچوو و گەڕایەوە بۆلای دزەکانی تر.

کاتێک بەسەر هاتەکەی بۆ یان گێڕایەوە، ئەوانیش وتیان: تۆ بێویژدانیت کردووە بەرامبەر بە خزمەتکارەکە چونکە کابرای دەوڵەمەند، ئەو تاوانبار دەکات بە دزینی پارەکەو ئازاریی دەدات.

دزەش وتی: خەمتان نەبێت هەر ئێستا دەچم خزمەتکارەکەش ڕزگار دەکەم. یەکسەر گەڕایەوە بۆلای ماڵی دەوڵەمەندو لە بەردەرگای ئەوان وەستاو گوێی لێبوو خزمەتکاریی بێچارە هاوار دەکات و سوێندیی جۆراو جۆر دەخوات و دەڵێ: من ئەو پارەیەم نە بینیوەو بەخوا من پاکم. ئەویش باوەڕیی پێناکات و زیاتر یخاتە ژێر فیشارو هەڕەشەی لێدەکات.

دزەی گەنج و وریاش، لەو کاتە ناسکەدا لە دەرگای دا. هەر کە دەرگا کرایەوە، کیسە پارەکەی لەسەر دەست بوو وتی: قوربان من شاگردیی دراوسێی دوکانیی تۆم، ئەڕبابەکەم سڵاویی هەبوو بۆتان و

وتی: لەبەر ئەوەی زۆر بەپەلە بووە بۆ ماڵ، کاتی داخستنی دوکان ئەو کیسە پارەی لە بیر چووەو وا بەهۆی منەوە ڕەوانەی کردۆتەوە بۆتان.

دەوڵەمەند زۆر خۆشحاڵبوو و سوپاسیکردو هاتە پێشەوە کەپارەکە وەربگرێت، دزەی زۆر زانیش وتی: بەڕێز! ناکرێ، من بەبێ ڕەسید ئەو پارەیەت بدەمەوە. بچۆ کاغەزو پێنووس بێنەو بنووسە کە من ئەو پارەیەم لە فلان کەس وەرگرتۆتەوە، بۆ ئەوەی ئەربابەکەم دڵنیابێت.

تا دەوڵەمەند بەپەلە چوو قەڵەم و کاغەز بێنێ، دزەش بۆی دەرچو و گەڕایەوە بۆ لای هاوڕێکانی و بەسەر هاتەکەی بەدوورو درێژیی بۆ گێڕانەوە. کەچۆن خزمەتکارەکەی ڕزگار کردووەو چ پیلانێکی بەکار هێناوەو پارەکەشی هەر هێنا!

هاوڕێکانی لەبەر زیرەکیو وریایی ئەو، وتیان: ئەگەرچی تۆ بەتەمەن زۆر منداڵتریی لەئێمە، بەڵام بە بیرو هۆش لە هەمووومان گەورە تریی و شایەنی ئەوەی کە لە ئەمڕۆ بەدواوە سەرکردەی ئێمە بیت و هەمووشتێک بەپرسو ڕای تۆ بکرێت.

## بەبێ میوان نان ناخورێ

دەگێڕنەوە گوایە، "ئیبراهم" پێغەمبەر (س) نەیتوانیوە بەبێ میوان، هیچ ژەمێک نان بخوات، تا کەسێک لەگەڵیدا لەسەر خوان دانەنیشتبێت، دەستی درێژ نەکردووە بۆ خواردن.

وەک دەڵێن: بەتەنیایی ئارەزووی خواردنی نەکردووەو زۆر جار بەمەبەستی پەیداکردنی میوان لەماڵ چووەتە دەرەوەو گەڕاوە بەدوای کەسێکدا کە لەسەر خوان لەگەڵیدا دانیشێت، تا بەیەکەوە نان بخۆن.

گوایە جارێک زۆر گەڕاوە تا لەهێکڕا چاویی کەوتووە بە کۆمەڵێک پیاو کە ژمارەیان دەگەیشتە پانزە تا شانزە کەس و هەریەکەی خاکە نازێکی لەسەر شان بووە، بەمەبەستی گەڕان بە دوای کارکردندا بۆ بژیوی ماڵ و منداڵەکەیان.

(ئیبراهیم) داوای لێکردوون کە بۆنان خواردن

لەگەڵیدا بچن بۆماڵەوە. بەڵام ئەوان دەڵێن: ئێمە کرێکارین و بەدوای کاردا دەگەڕێین، بەڵکوو بژیوێک بۆ ژیانی ڕۆژانەی منداڵەکانمان بەدەست بێنین؛ کە ئێستا چاوەڕێی ئێمە دەکەن کە بگەڕێینەوە...

ئەگەر ئێستا ئێمە لەگەڵ تۆدا بێینەوە بۆ ماڵ، دەبێ ئێوارێ بەدەستی بەتاڵەوە بچینەوە بۆ ماڵی خۆمان و ئەو کاتە منداڵەکانمان شەو بە برسیەتی دەخەون. لەبەرئەوە ناتوانین بانگهێشتەکەت لێ قبووڵ بکەین.

هەر بۆیە کەوتنە ڕێگاو ڕۆیشتن. (ئیبراهیم) لە دڵی خۆیدا وتی: ئەگەر ئەوانە، دەعوەتەکەم قبووڵ نەکەن ئیتر من ناتوانم کەسیتر پەیدا بکەم کە لەگەڵمدا بۆنان خواردن، بێتەوە بۆماڵ.

لەبەر ئەوە دیسان دوایان کەوت و داوای لێکردن و وتی: مەترسن، تەنیا لەخوانەکەمدا هاوبەش بن، من ڕۆژانەی ئەمڕۆشتان پێدەدەم، تا بەو پارەیە بتوانن خواردن بۆمنداڵەکانیشتان ڕێکبخەن.

بەو شێوەیە پیاوەکانیی ڕازیکرد کە لەگەڵیدا بچنەوە بۆ ماڵ و دوای نان خواردن بەهەر یەکێک لە کرێکارەکان ڕۆژانەی تەواویی پێدانو زۆر بە ڕێزەوە بەڕێیکردن.

ئەوانیش، کاتێک کەم کەم دوور دەکەوتنەوە لەماڵی (ئیبراهیم)، لە ناو خۆیاندا دەیان وت: وادیارە دینی (ئیبراهیم) دینێکی زۆر ڕاستە، بۆیە دڵی ئەوەندە باشەو خواردن و خواردنەوەو تەنانەت بەهەر یەکێکیش لە ئێمە ڕۆژانەکەشی پێداین!

لەئەنجامدا هەموویان گەڕانەوە بۆلای (ئیبراهیم) و چوون بۆسەر دینی ئەوو بیرو باوەڕیی ئەویشان پەسندکرد.

## دکتۆرو نەخۆش

پیاوێک دەچێت بۆ لای دکتۆرو دەڵێ: ئەمڕۆ سێ ڕۆژە نەخۆشم و زۆریش بێهێزم. دکتۆر پێی دەڵێ: ئەمڕۆ چیت خواردووە؟ کابرای نەخۆش دەڵێ: لەبەر ئەوە گەدەم زۆر باش کارناکات و هەست بەئازار دەکەم، شتێکی ئاوام نەخواردووە کەشایانی باسکردن بێت.

دکتۆریش دەڵێ: هەرچی خواردووتە پێم بڵێ. نەخۆش دڵێ: بەیانی پێش ئەوەی کە بێم بۆلای تۆ ڕێگام کەوتە دوکانێکی سەرووپێ فرۆشی، شەش دانە سەرم کڕین‌و خواردم! ئێستا تۆ هەر سێ دانە حیسابکە.

چل دانە پێشم خوارد، تۆ هەر بیست دانە حیسابکە. دەنانیشم لەگەڵ خوارد، تۆ هەر پێنج نان حیسابکە.

کاتێک لە دوکانی سەروپێ فرۆشی تێپەڕ بووم، کەمێک ئارەزووی خواردنی شیرینیم کرد، دەکیلۆ

حەلوای تێکەڵ، لەگەڵ بادامم کڕی و خواردم. تۆ هەر پێنج کیلۆی حیسابکە.

دواتر گەیشتمە دوکانێکی میوە فرۆشی و چاوم کەوت بەترێ، کە لەبەر جوانی بریقەی دەداو زۆر سەرنجی ڕاکێشام و وتم: لەوانەیە بۆ کردنەوەی ئارەزووی خواردن باش بێت، هەر بۆیە هەشت کیلۆشم لەو کڕیی و خواردم. تۆ هەر چوار کیلۆ حیسابکە.

لەکۆتاییدا دە دانە کالەکیشم کڕیی و ئەوانیشم خوارد، تۆ دەتوانی هەرپێنجی حیسابکەی.

دوکتۆر وتی: ئیتر بەسسە! ئەمجار تۆ گوێ لە من بگرە تاپێت بڵێم: دوای شەشساڵی دیکە تۆ لەو سگ پەرستیە سەرت سووڕ دەمێنێ، تۆ هەر سێ ساڵ حیسابکە. چوار ساڵ دواتر دەتەقی و، تۆهەر دوو ساڵ حیسابکە. هەر دووک چاوت کوێر دەبن، تۆ هەر چاوێک حیسابکە. هەر دووک قاچت شەل دەبن و ناتوانی بڕۆیی و لە جێگای خۆت بجۆڵێی، تۆ هەر قاچێک حیسابکە. دوای ئەو هەموو بەڵایانەی کەبەسەرت دێن، دەمری و کاتێک دەتخەنە ناو گۆڕ، سەد عارەبانەت گڵ لەسەر ڕۆدەکەن، تۆ هەر پەنجا حیسابکە.

## حاكم و درۆزن

کابرایەکی درۆزن کە زۆر بەناو بانگ و بێ وێنە دەبێت بۆ درۆ کردن و هەموو کەسێک دەیزانی کە ئەوە درۆزنـەو هەرچی دەیڵێ: لەڕاستی بـەدوورە، ڕۆژێک بەڕێکەوت دەچێت بۆ لای خاوەن دەسەڵاتێک و ئەویش پێی دەڵێ: ئەگەر درۆیەک بکەیت و من نەم بیستبێت، هەزار دینارت پێدەدەم.

کـابـرای درۆزن وتــی: بــەردەیــەک کـەبـەپـارە کڕیبووم، لەماڵ ڕایکرد، هەر چەند بەدوایدا گەڕام، نەم دۆزیـەوە. واڕێکەوت دوای چەند ڕۆژێک باوکم لەبازاڕ شوتیەکی کڕیبوو، کاتێک شوتیەکەم لەتکرد، سەیرمکرد بـەردەی هەڵاتوو، وا لەناو شوتی دا لە سەر کورسی دانیشتووەو سندووقێکی لە پێش خۆی داناوە لەگەڵ کۆمەڵێک کەرەسەی پینەچیەتی و بووە بەپینەچی و بەبێخەمی، خۆی سەرگەرم کردووە بە پێڵاو پینە کـردن و درووونــەوەو خەڵکێکی زۆریش

دەورەیــان لێدابوو، واپێدەچوو لە ئیشەکەی زۆر ڕازیی بن.

(حاکم) وتی: ئەوە هیچ نی یە، لەو درۆیانەم زۆر بیستووەو شتێکی وا بڵێ کە نەم بیستبێت. کابرای درۆزن وتی: لەگەڵ باوکم دا لەسەفەریی حیجاز، لە ناو کەشتیدا بووین و لەدەریای عەممان تێپەڕ دەبووین، ڕۆژێک لەهێکڕا دەریا بوو بەتۆفان و ڕەهێڵەو دنیا تاریک بوو!

کەشتیوان بە دووربین سەیری ئەملاو ئەولای دەکرد، یەکسەر دەستووریدا کەتۆپخانە بکەوێتە کارو ئەوانەیش کەچەکیان پێیە، تەقەی هەوایی بکەن. دوای کاتژمێرێک دنیا ڕوناک بۆوەو تۆفان نەما.

منیش لە کەشتیوانم پرسی: هۆی ئەو تەقەکردنە چیبوو؟ ئەویش وتـی: ماسیەکی گـەورە سـەریی لە دەریا دەرهێنابوو کەشتیەکەی ئێمەی قوتدا، بەهۆی ئەو تەقەکردنە ماسیەکە نەیتوانی ئەو هەموو گوللانە هەزم بکات. بۆیە بەناچاریی لە دواوە فڕێی دانەوەو کەشتیەکەش بەزاریدا هاتەوە دەرەوە.

(حاکم) وتـی: ئەوەشم بیستووە، شتێک بڵێ کە نەمبیست بێت، کابرای درۆزن وتـی: زۆر باشبوو

کەوتەوە یادم، لەناو نوسراوەکانی (باوکی ڕەحمەتیم دا، نوسراوێکم دۆزیەوە، گوایە باوکم دەهەزار دیناریی داوە بە باوکی ڕەحمەتیت بەقەرز، ئێستاش ئەو پارەیە نەدراوەتەوە.

ئینجا (حاکم) ڕەنگی گۆڕاو وتی: ئەوە درۆیە! من هەرگیز شتی ئاوام نەبیستووە کە ئێمە پارەمان لە هیچ کەسێک قەرز کردبێت! کابرای درۆزن وتی: کەوابوو من ئێستا هەزار دینارەکەم دەستکەوت و ناوی خوای لێبێنە.

## ئازایی و نەترسی منداڵێک

لە زەمانی دەسەڵاتداریێتی (هەشام) کوڕی (عبدالملک)، گرانیی و برسیەتی هەموو شوێنێکی گرتەوەو سێ ساڵ درێژەی کێشا. کۆمەڵێک لە عەرەبی دەشتەکی کە ژیانیان زۆر دژوارو پڕ مەترسی بوو و لەو پەڕیی برسیەتیدا دەژیان، بڕیاریاندا کە بچن بۆلای خەلیفەو باسی بەدبەختی و مەینەتیەکانی ژیانیی خۆیان بکەن. بۆ ئەوەی هەندێک یارمەتیان بدات، بەڵکوو ئەگەر هەر نەبێ بۆ ماوەیەکی کەم لەبرسیەتی ڕزگاریان بێت.

کاتێک چوون بۆلای خەلیفە، هەرچەندیی خۆیان هێناو برد لە شەرمان و لەترسان هیچ کامێک توانای دەربڕینی مەبەستیان نەبوو!

لە نێوان ئەو کۆمەڵە پیاوەدا، منداڵێکی بچووک هەبوو بەناوی (دەرواس) کوڕی (حبیب) ئەو منداڵە، کە لەبەر ترسەنۆکیی و شەرمنیی خەڵکەکەیی و

هەروەها بۆ حاڵی ئەوانیش زۆر خەمیی دەخوارد، بەوپەڕیی لێهاتوویی و چاو نەترسیەوە هاتە پێشەوەو لەبەرامبەر (هەشام) دا وەستاو وتی:

قسە یان کورتە یان درێژ، بەڵام مەبەستیی قسەکەر کاتێک بەباشی دەگات بەگوێی گوێگرو لێی تێدەگات، کە بەدرێژیی قسەکەی بکات. خەلیفە ڕێگای پێداو (درواس) بەو شێوەیە قسەکانی دەستپێکردو وتی:

- سێ ساڵی تەواوە، کە ئێمە توشیی گرانی و هەژاریی بووین.
- ساڵی یەکەم، هەموو بەزمان بوو بەئاو،
- ساڵی دووەم، گۆشت لە لەشمان بڕا،
- ساڵی سێیەم، ئێسکەکانمان هەموو سوان‌و توێکڵیان بەردا.

ئەی خەلیفە! خۆت دەزانی ماڵ و سامانێکی زۆر لەژێر دەسەڵاتت دایە، ئەو ماڵ و سامانە، یان هی خوایە، یان ماڵی خەڵکە، یان ماڵی خودیی تۆیە.

ئەگەر ماڵی خوایە، کەوابوو بەندەکانی خواش بەشیان تێدا هەیەو پێویستە هەندێکیان پێ بدەی، تا لەبرسان نەمرن. ئەگەر ماڵی خەڵکە لێبگەڕێ با ئەوانیش لە مافی خۆیان کەڵک وەربگرن و کۆتایی بە

مەترسیەکەیان بێت.

وە ئەگەر ماڵی خودی تۆشە، بەو بێچارانە کە بەندەی خوان و لەو پەڕیی هەژاریی و برسیەتیدا دەناڵێنن، بەزەییت بێتەوەو یارمەتیدانیان بەکارێکی ڕەوا بزانە.

خەلیفە وتی: ئەو منداڵە لە هەرکامێک لەو سێ شتانە کە باسیکرد دەرفەتی بۆ دروستکردنی هیچ بەهانەیەک نەهێشت. هەر هەمانکات دەستووریی بە بەرپرسی گەنجێنە دا بۆ ئەوەی سەد هەزار ئەشرافی پارەی ئەو کاتە بدەن بەعەرەبە دەشتەکیەکان و سەد هەزار درهەمیش بدەن بە(درواس) بەڵام (درواسی) زاناو ئازا وتی: من هیچ پێویستیەکم بەو پارەیە نییەو لەجیاتی من بیدە بەخەڵکەکەم.

## قوبادو دزانی پارەو زێڕ

دەگێڕنەوە گوایە بڕێکی زۆر پارەو زێڕ لە گەنجینەی (قوبادی ساسانی)، کە یەکێک لە دەسەڵاتدارانی سەردەمی خۆی بووە، دزراوەو هیچ کەسێکیش نەیزانیوە کە کێ دزیویەتی و چۆن دزراوە!

(قوباد) بەهۆی ڕودانیی ئەو خیانەتە دڵتەنگ دەبێت و زۆر خەمیی لێدەخوات. بەتایبەتی لەبەر ئەوە زۆر باوەڕیی بەکار بەدەستەکانی هەبووە، نەیدە زانی کە ئەو کارە ناڕەوایە چۆن پیلانیی بۆ داڕێژراوەو کێ کردوویە تی؟!

بۆ دۆزینەوەی دزو ڕوونکردنەوەی ئەوکارە و بەدەستهێنانەوەی شتە دزراوەکان، زۆر بیریی کردەوە تا گەیشتە ئەنجامێک و پیلانێکی دۆزیەوە. یەکێک لەپیاوەکانی خۆی، کە زۆر باوەڕ پێکراویی دەبێت، ناردیی بەدوایداو پێی وت:

پشتێنە زێڕەکەی من، کە بە مرواریی ڕەنگێنراوە، بەبێ ئەوەی کە هیچ کەسێک ئاگادار بێت لە گەنجێنە، دەریبهێنەو لە فلان جێگایە بیشارەوە. هەرکاتێکیش کە داوای پشتێنەکەم لێت کردەوە تۆ بەرگریی لە خۆت بکەو بڵێ: من هیچ ئاگادار نیم، دڵنیابە تۆ ئەگەر ئەو ئەرکە بەجوانی و بەم شێوەیە کەپێت دەڵێم: بەجێی بێنیی، من دواتر پاداشتێکی زۆر باشت پێدەدەم.

پیاوەکە هەر بەو شێوەیە کە(قوباد) دەستووریی پێدابوو، کارەکەی جێبەجێکرد. دوای ماوەیەک (قوباد) کۆڕێکی جەژنی پێکهێناو داوای پشتێنە زێڕەکەی کرد کە لەگەنجینە بۆی بێنن، لێپرسراویی گەنجێەو پیاوەکانی بەپەلە ڕایانکردو چوون بۆ ناو گەنجینەو هەرچەند گەڕان و سەیریی ئەملاو ئەولایانکرد نەیاندۆزیەوە!

لە ئەنجامدا کەوتنە گیانی یەکترو زۆر تووڕە بوون و دەیانگوت: کێ دزیویەتی و دەبێ کاریی کێ بێت؟! کە گەڕاینەوە، لە بەرامبەر (پاشادا) چی بڵێین؟ کاتێک گەڕانەوە (قوباد) وتی: هێناتان؟ ئەوانیش وتیان: وادیارە بزر بووە! چونکە لەجێگای خۆی نەماوەو زۆریش هەوڵماندا بەڵام نەماندۆزیەوە.

(قوباد) سەریی داخست. ماوەیەکی باش کەوتە بیرکردنەوەو سەیرکردنی یەکەیەکەی هەموو ئەوانەی کە لەناو کۆڕەکەدا بوون. لە هێکڕا دوای بیرکردنەوەیەکی باش ئاماژەی بۆ هەمان پیاوە کرد کە هەر خۆی پیلانی بۆیدانابوو کەچی بکات؟

دوای ماوەیەک داوای پشتێنەکەی لێکردەوە، بەڵام پیاوە وتی: من هیچ ئاگام لەو شتە نییە کە بەڕێزتان باسی دەکەن! هەر سووریش بوو لەسەر قسەکەی خۆیی و دەیوت: من نەم دزیوە.(قوباد) وتی: من سەیریی ناو چاوانی هەمووتانم کردووە، زۆر باش دە زانم کاریی تۆیەو هیچکەسی دیکە نەیکردووە لەتۆ زیاتر.

ئەگەر هەر ئێستا ڕاستیەکەم پێنەڵێی لە دار دەدرێی، ئەگەر ڕاستیەکەش بڵێی و پشتێنەکە بهێنیەوە، ئازادت دەکەم و لێت دەبوورم. کابرا هەر سوور بوو لەسەر قسەی خۆی و پاکانەی دەکرد.

(قوباد) بڕیاریدا کە لە سێدارەی بدەن، کاتێک هێنایان بۆ لە سێدارەدان، هاواریی کردو وتی: تکایە من ببەن بۆلای (پاشا) تا ڕاستیەکەی پێ بڵێم. کە بردیان بۆلای (قوباد) کابرا وتی: ئەگەر لێم ببووریی

و دڵنیام بکەی کە نامکوژیی پشتێنە زێڕەکە دێنمەوە.

هەر کە (قوباد) بەڵێنی پێدا کە نایکوژێت و لە تاوانەکەی دەبووریێت، شتەکەی هێنایەوەو دایەوە بەکاربەدەستانی دەربار. ئەوانەیش کە زێڕو پارەکەیان دزیبوو، کە ئەوەیان بینی لەترسان کێچ کەوتە ناو لەشیان و کەوتنە قسەکردن و لە ژێر لێودا دەستیان کرد بە وڕینە لەگەڵ یەکترداو دەیانوت:

(قوباد) لەبەر زیرەکی و وردبینی و لێزانی، زوو زانی کە کێ پشتێنەکەی دزیوە، هەروەها زۆر باشیش دەزانێت کە زێڕو پارەکەیش کێ دزیویەتی و لێی ڕوون و ئاشکرایە کە لە ئێمە دەرنەچووە.

بەڵام ئێستا هیچ ناڵێت! باشوایە پێش ئەوەی ئابڕومان بچێت و خەڵک پێ بزانێت و لەو دڵەکوتەیە ڕزگاریمان بێت، زێڕو پارەکە ببەینەوە.

(قوباد) کەزانی شتەکان گەڕاونەتەوە بۆ جێگای خۆی هەر هەمان کات ئەوانەی کە ئەو خیانەتەیان کردبوو لەسەر کار لایدان و کەسانی باوەڕ پێکراویشی لە جێگای ئەوان دانا.

## تەندروستی بوزەر جومێهر

دەگێڕنەوە گوایە (نەوشیروان) کە یەکێک دەبێت لە (پاشا) کانی ئێران. بەهۆی گومانێک دەربارەی (بوزەر جومێهر)ی زانا کە وەزیریی خۆی بوو، گۆڕانێک بەسەر دڵی داهات و بڕیاریدا کە بیخەنە ناو بەندیخانەو شوێنە کەشی زۆر تاریک و ناخۆشبێ.

هەروەها وتی: لێفە شڕێکی کۆن و ڕۆژانەش تەنیا دوونانی جۆ و کەمێکیش خوێی ورد نەکراوی پێ بدەن. دواتر وتی: بەردەوام سیخوڕییش بنێرن بۆ لای. بۆ ئەوەی هەرچی کە ئەو بیڵێت، بۆم باس بکرێت و ئاگادارم بکەنەوە.

(بوزەر جومێهر) کە چەندین مانگ لەناو بەندیخانەدا بوو، تەنانەت تاکە وشەیەکیشی بەسەر زماندا نەهات و داوای یارمەتیشی لە هیچ کەسێک نە کردو لە هیچ کەسێکیش نەپاڕایەوە بۆ ئازاد کردنی.

(نەوشیروان) چەند کەسێکی لە دۆستانی نزیکی

(بوزەرجومێهر) ڕاسپارد کە بچن بۆلای و هەرچی ئەو وتی: بۆی بگێڕنەوە بەبێ کەم‌و زیاد.

دۆستەکانی (بوزەرجومێهر)، بە بیانووی سەردان چوون بۆلایی و وتیان: ئێمە کە ئاوا تۆ بەم شێوەیە دەبینین، خەمت لێدە خۆین و زۆر بۆت بە پەرۆشین... بەڵام چار نییە دەبێت دان بەخۆتدا بگریی. ئەگەرچی ئێمە بەڕاستی دڵمان بۆت ژان دەکات، کە وێڕای ئەو هەموو گەورەیی و دەسەڵات و هەیبەتەی کە تۆ هەتبوو، ئێستاش وا بەم شێوەیە دەتبینین!

لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە سەرمان لەوە سووڕماوە کە لەو ماوە دوورو درێژ خایەنەدا، تەندروستی و لەش ساغی تۆ، هەر وەک خۆی ماوەو هیچ گۆڕانێک بەسەر تۆدا نەهاتووە! پێمانخۆشە بزانین هۆیەکەی چییە؟

(بوزەرجومێهر) لە وڵامیی دۆستەکانیدا وتی: ئێوە ڕاست دەکەن، من بۆ پاراستنی تەندروستی خۆم مەعجوونێکم دروستکردووە کە پێکهاتووە لەشەش شت: هەر ڕۆژە لە بەشێکیان کەڵک وەردەگرم، بۆ ئەوەی بتوانم دڵخۆشی و هێزو تەندروستی/م بپارێزم.

دۆستەکانی (بوزەرجومێهر) پرسیان: ئەو

مەعجوونە لە چ پێکهاتووە؟ با ئێمەیش بزانین.

ئەویش وتی:

- بەشی یەکەم: باوەڕ بەخۆ بوونە.
- بەشی دووەم: هەرچی کە خوا بڕیاریی لەسەر داوەو دیاریکردووە، دەبێ هەر ببێت.
- بەشی سێیەم: دان بەخۆدا گرتنە، بەتایبەتی لەکاتی لێقەوماندا.
- بەشی چوارەم: سوپاس گوزاریی مرۆڤە، لە هەموو کاتێکداو لە هەموو جێگایەک دا.
- بەشی پێنجەم: ئەگەر لێرە نەبومایە، لە وانەبوو تووشی بەڵایەکی گەورەتر بومایە.
- بەشی شەشەم: ئەوەیە تا ئەو کاتەی ماوەی بەندیەتیم تەواو دەبێت، هەر چەند ئەملاو ئەولا بکەم سوودیی نییە.

ئەوانیش کاتێک گەڕانەوە بۆ لای (پاشا)، هەموو قسەکانی (بوزەرجومێهر)یان گێڕایەوە. ئەویش دەستووریدا کەئازاد بکرێت و هەمان پلەو پایەی جارانیشی پێبدرێتەوە.

## خوێنەرانی خۆشەویست!

هیوادارم لە وەرگێڕانیی ئەو چەند چیرۆکەدا، سوودێکیی کەمم بە ئێوەی خۆشەویست گەیاندبێت. هەروەک هەمووتان ئەو راستییە زۆر باش دەزانن، کە تاکو لە ژیاندا بین، خۆشیی و ناخۆشیەکان لە رۆژانەی هەمووماندا، هەر دووبارە دەبنەوە.

کە بێگومان خۆشیەکان، دڵخۆشیمان پێدەبەخشن و ناخۆشیەکانیش، ئەزمون. کە ئەزمون/یش، بریتییە لە بەختەوەریی. بۆ بەدەستهێنانی ئەزمون، پێویستە زۆر بخوێنینەوە، هاوڕێی باش بەدەست بهێنین، بۆ هەر کارێکیش کە دەیکەین، پێویستە، راوێژ بە کەسانی شارەزا بکەین و سوودیان لێوەربگرین. من ئێوە بەخوای گەورە دەسپێرم و چاوەڕێی نزای بەخێریش بۆ خۆم و نوسەریی کتێبەکە، (ئیسماعیل شاهرودییی)، لە ئێوەی خۆشەویست دەکەم.

وەرگێڕ...